زنجیرەی تەحریف و ئیدعا
کەشفی شوبهەکان، شەقڵی چوارەم

# درووس کردنەوەی چەمکەکان سەبارەت بە وەلاء و بەڕاء لە ئیسلامدا

عبد الفتاح بن صالح قديش اليافعي

SANAD

Kr

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدالله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه و من تبعهم يا حسان الى يوم الدين وبعد:

وشەی ولاء و براء، یەکێک لە وشەکانە کە لە سەردەمی ئێستادا بڵاو بووەتەوە و لە نێوان سەلەف و زانیارەکانی سەدەکانی ڕابردوو بەناوبانگ نەبووە. وە لە دەرەنجامدا چەندێک ئەم ئیستیلاحە بووە بە هۆی
کێشە بۆ ئۆممەت و چەندێک لە خوێنەکان لەپەنامی دروشمی ولاء و براء ڕژاوە و چەندێک لە ئابڕوو و ناموسی مرۆڤ هەتکی حورمەت بووە، چەندە لە مڵی مرۆڤ لەپەنامی ئەم ناوەیەوە تالان غارەت کراوە.وە چەندێک لە چەمکە ئایینیەکان لەپەنامی ئەم ناوەیەو بەرەواژ جلوە دراوە، و چەندێک لە مەعناکان لە پەنامی ئەم دروشمەوە ناشیرین نیشان دراوە.

## بەرائەت لە بسوڵمانان بنەما و ڕیشەی نیە

ئەرکی بسوڵمان لە بەرامبەری بسوڵمانانی دیکە، دۆستی، خۆشەویستی، یارمەتی دان، و برایەتیە، و لەبەرامبەر بسوڵمان، بەخراپ زانین، بەرائەت و بێزاری کردن و دژایەتی مانا و میسداقێکی بۆ نیە. هەروەها کە خودا دەفەرمووێ: «ژنان و پیاوانی بەئیمان دۆس و یاوەر یەکترن.» وە هەروەها دەفەرمووێ:«بەڕاستی کە تەنیا بەئیمانەکانن کە برای یەکترن.» وە هەروەها پێغەمبەری خودا فەرووسەتس: «ئیماندار لە بەرامبەری ئیماندارێکی تر وەکوو خانوویە.» متفق علیە.وە هەروەها پێغتمبەری خودا فەرموویەتی: «مەسەلی بەئیمان لە دۆسی و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ یەکتر وەکوو ئەندامەکانی جەستەیە.» متفق علیە.
ئەگەر پرسیار بێت کە ئەگەر بسوڵمان تاوانبار و ئەهلی بیدعەت بێ؟ لە وەڵامدا دەووترێ: ئێمە لە کردەوەکەی کە موخالفی شەرێعەتە، بێزاری و بەرائەتی خۆمان دەردەبڕین و ئەوە بە ناگەوار دەزانیین.نەک لە زاتی خۆی کە حاملی وشەی (لاإلە إلا اللە) یە. چونکە لەم بوارەوە ئایات و ڕەوایاتێکی زۆر بوونی هەیە. هەروەها کە خودا دەفەرموێ: «باڵی ڕەحمەتت پەیڕەوەکانی بە ئیمانت دابەزێنە، ئەگەر ئیمانیان فەرمانیان لێت نەبرد، بڵێ: من لە ئەوەی کە ئێوە دەیکەن بێزارم.» (شعراء: ٢١٦ -٢١٥.)
اللە تعالى نەیفەرموو بڵێ: من لە ئێوە بێزارم. لە ڕیوایەتی بوخاری هاتووە کە لە



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 2 01/01/18 23:12

کاتێکدا خالید تووشی هەڵە بوو، حەزرەت فەرمووی: « خودایێ من لە ئەوەی کە خالید کردوویەتی ئێعلامی بەرائەت دەکەم.» دەبینین ئەفەرمووی کە ئەو حەزرەتە نەیفەرموو: من لە خالید بە لایەنی تودا ئێعلامی بەرائەت دەکەم.

لە مصنفی عبدالرزاق (ج ١١ ص ١٨) هاتووە: «ابوقلابە ڕیوایەتی کردووە کە ابودرداء لە پاڵی پیاوێکەوە گوزەرا کە بە گوناهێک ئالوودە بوو و خەڵک ناسەزایان پێ دەکووت، ابودرداء ووتی:خەبەرم پێ بدەن کە ئەگەر بکەوتایەت بە نێوی چاڵێک، ئێوە دەرتان نەدەهێنا؟» ئەوان وتیان: بەڵێ. ابودرداء وتی: دەی ناسەزا بە براکەتان مەڵێن و سپاسی اللە بەجێ بهێنن کە ئێوەی لەم مەعسیەت و گوناهە ڕزگار کرد.ئەوان پرسیاریان کرد: لە ئەو بوغز و دڵمەنیت نیە؟ وتی من ڕقم لە کردەوەکەی هەیە، و ئەکەر لە ئەو کردەوە واز بێنێ برای منە.»

## شێوازی تەعامول لەگەڵ بسوڵمانە گوناهکارەکان

بوخاری لە (ج۶ لاپەڕەی ۲۴۸۹)ڕیوایەتی کردووە کە لە سەردەمی پێغەمبەری خودا کەسێک بە ناوی عبداللە کە لەقەبی حیمار بوو، جار و بار پێغەمبەری خودای دەهێنا بە کەنین و پێغەمەریش لەسەر شەراب حواردنەوە حەدی لێ دابوو، ڕۆژێک هێنایان بۆ مەخزەری پێغەمبەر و حەزرەت بڕیاری دا تاکوو قەمچی لێ بدەن. ئینجڵ کەسێک لە نێوانی ئەوانەوە وتی:خودایا: نەفرینیان بکە چەندە دەیهێنن بۆ شەللاق لێدان!؟ ئینجا پێغەمەر فەرمووی: «ئەو نەفرین مەکەن؛

چونکە بەخودا قەسەم من متمانەم هەیە کە ئەو اللە و پێغەمەرەکەی خۆش دەوێ.»

لە ڕیوایەتێکی دیکە لە بوخاری هاتووە:

وەها مەڵێن و شەیتان دژ بە ئەو یارمەتی مەدەن.»

دەبینن کە چۆن ئەو حەزرەتە لە ڕێ و ڕەسمی ئەوان لە تەعامول لەگەڵ ئەفرادی نادان ڕقی هەستاوە و بە یارەکانی فەرمووە: « ئەو نەفرین مەکەن؛ چونکە سوێند بە خودا کە من متمانەم هەیە کە موحەببەیتی هەیە بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی .»، «وەها مەڵێن و شەیتان دژ بە ئەو یارمەتی مەدەن.» بەڵکوو بڵێن: (خودا لە تۆ ڕەحم بکات.) بەڕاستی کە تەعامولی نەبەوی لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کەسە فەرمان نەبرەکان،بە تەحریکی ئەنگیزەیەلێکی خێر بووە کە لەواندا بوونی هەبووە.

هەروەها کە ئەم سەحابە لەحاڵی سەکر و مەستی بووە، حەزرەت لە حاڵێکدا ئەو دەبیسێ، دەیهێنێتەوە بیر کە ئەو اللە و ڕەسووڵەکەی خۆش دەوێ. هەتاوەکوو لەسەرەتادا شێوەی بەرخورد لەگەڵ کەسێکی تاوانبار و گوناهکار فێر بکات و دووهەم ئەوەی کە ئەم شێوازی تەعامولە لە تەرکی گوناە، کارامادترە، چونکا توند و تیژی



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 3 01/01/18 23:12

و خشـونەت مەعموولـەن دێتـە سـەر عینـاد و لەجبـازی و مـل نـەدەری.وە ئەگـەر بـە فـەرز، کەسـێکی موجریـم و گوناهـکار لـە کاتـی تونـد و تێژیـدا فەرمـان ببـات، ئـەم فەرمانبەرداریـە ڕووااڵەتیـە و قەلبـی و دروونـی نیـە. پێغەممـەری خـودا فەرموویەتـی: «نەرمـی لەهـەر شـتێکدا بـێ، ئـەو شـتە دەڕازێنێتـەوە، و لەهـەر شـتێک بکێشرێتـەوە، ئـەوە ناشـیرین دەکات» (مسـلم) وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی دیکەدا فەرموویەتی:

«بۆ بسوڵمان ڕەوا نیە کە لەگەڵ براکەیدا زۆرتر لە سێ ڕۆژ مینۆک بکا.» متفق علیه.

## دۆسی و دژایەتی بەرئەساسی موسەلەماتی بچووکە.

سـەرنجی ئـەم دوو ئایەتـە بکـەن: بەڕاسـتی کـە تەنیـا بەئیمانەکانـن کـە بـرای یەکـترن، بۆیـە لەنێوانـی براکانتانـدا ئاسـایش و ئاشـتی بەرێخـەن.

«ژنـان و پیاوانـی بەئیـمان دۆس و یـاوەری یەکـترن.» وە هەروەهـا لەسـەر ئـەم حەدیسـە تێبفکرێـن: "بسـوڵمان بـرای بسـوڵمانە، و ستەمی پـێ ڕەوا نابینـی، و بچووکی ناکەتـەوە." صحیح مسـلم. "خوێـن و مـاڵ و ئابـڕووی هـەر بسـوڵمانێک بـۆ ئـەوەی تـر حەرامـە." وە سـەبارەت بەمـە ئایـات و ڕیوایاتێکـی زۆر هاتـووە."

ئایەکـو لـە ئـەم ئایـەت و ڕیوایەتانـەدا شـتێک کـە هـۆی جیـاوازی لـە نێوانـی بسـوڵمانان تەنیا بـە هـۆی پەیوەنـدی لەگـەڵ مەزهـەب، حیـزب، یـا ناوچەیـەک بـێ، بوونـی هەیـە؟ هەرگیـز. بـە خـۆدا! بەڵکـوو مـەداری دۆسـی و خۆشەویسـتی و یارمەتـی دان ئیسـلامە، هەرکـەس کـە نێـوی نـرا بسـوڵمان، دەبـێ لەگـەڵ ئـەوە دۆسـی و خۆشەویسـتی بکرێـت و نـوسرەت و یارمەتـی بدرێـت، بریتـی لەمـەی کـە هـەر حیـزب یـان مەزهەبێکـی بێـت و یـان لـە هـەر ناوچـە و وڵاتێـک بێـت. پێغەمبـەری خـودا فەرمـووی: "هـەر کـەش شـەهادە بـدات کـە هیـچ مەعبـود و پەروەدگارێـک جگەلـە اللە بوونـی نیـە، و ڕوو بـە قیبلـەی ئێمـە بـکات و نوێـژ بخوێنێـت و لـە قوربانـی ئێمـە بخـوا، ئـەوە و بسـوڵمانە، و لـە بەرژەوەنـدی و زەرەری بسـوڵمانان هاوبەشـە. بوخـاری.

بـەڵام ئەمـە واقعیەتێکـی زۆر داخ هێنـەرە کـە ئەمـڕو- لـە کاتێکـی نەچەنـدان دوور-مێعیـاری دۆسـی و دژایەتـی بـووە لەسـەر بنەمـای مەزهـەب، حیـزب و یـان سـەرزەمین.

## ئایەکوو بەرائەت و بێزاری کردن کە کافرەکان پێویستی بە تەعامول و بەرخوردی خراپ هەیە؟

هەندێـک لـە خەڵکـی گومـان دەبـەن کـە بێـزاری لـە کوفـر و کوفـار، پێویسـتی بـەوە هەیـە کـە ئێمـە لەگـەڵ ئـەوان بـە ئەخلاقێـک تونـد و تیـژ و بەرخـورد بکەیـن و هەرگیـز ڕووی خـۆش پێیـان نیشـان نەدەیـن، لەحاڵێکـدا کـە ئەمـە تێگەیشـتنێکی هەڵـە لـە قورئانـە. باشـترین کەسـێک کـە



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 4 01/01/18 23:12

دەبێ ئێمە ئەو بە سەرمەشقی خۆمان دانێین، کەسێکە کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەسەر ئەو نازڵ بووە.

ئێستا بەشێک لە ئایەت و ڕیوایەتەکان کە لە تەعامول لەگەڵ غەیر بسوڵمانان هۆی ئازار و ئەزیەتی بەئیمانان بووە و موحاریب بوونە، بەبێ سەرنج بە ئەوانەی کە ژیانێکی پڕلەهێمنایەتیان بووە- ڕوون دەکەینەوە.

خودا لە قورئاندا بە هارون و موسا دەفەرمووێ: "بڕو بۆ لای فیرعەون، کە بەڕاستی تاغیگەرە و نافەرمانە، بەڵام لەگەڵ ئەو بە زمانێکی نەرم قسە بکە تا بەڵکوو ئامۆژاری بگرێت یان بترسێت." (طە: ٤٤ -٤٣). وە هەروەها خودا دەفەرمووی: "ئەی پێغەمبەر ئێمە تۆ وەکوو مایەی ڕەحمەت بۆ تەواوی جیهان ناردووین" (انبیاء: ١٠٧). وە هەروەها دەفەرمووێ: "لەگەڵ ئەوانەدا بە باشتر و جوانترین شێوازەوە وت و وێژ بکە." (نحل: ١٢٥) هەروەها دەفەرمووێ: "لەگەڵ خەڵکی بە باشی قسە بکە.". (ابن عساکر، واقدی و اموی در مغازی)

لە سیرەی نەبەوی دەخوێنین کە لە کاتێکدا خەڵکی تائیف ئەو حەزرەتەیان سەنگ باران کرد، فریشتەی کێوەکان هاتە مەحزەری پێغەمبەر تاوەکوو کێوەکان لەسەریان ساف بکات، بەڵام پێغەمبەر قبووڵی نەکرد و فەرمووی: "من هیوادارم کە خودا لە نەسڵی ئەوان خودا نەسڵێک درووس بکات کە اللە دەپەرەستن و کەسێک لەگەڵ ئەو شەریک ناکەن". (مسلم).

لە فەتحی مەککە، یەکێک لە سەحابەکان وتی: "ئەمڕۆ ڕۆژی شەڕ و خوێنڕشتنە." بەڵام ئەم حەزرەتە فەرمووی: "نەخێر، بەڵکوو ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشەویستی و بەخشینە".

لەکاتێکدا پێغەمبەری خودا دوای فەتحی مەککە ڕۆشتە مەککە، فەرمووی: "ئێوە پەتان وایە من چۆن لەگەڵ ئێوە بەرخورد دەکەم؟" ئەوانیش ووتیان: ئەتۆ بریەکی گەورە و کوڕی برایەکی گەورەی، " حەزرەت فەرمووی: بڕۆن ئێوە ئازادن.

کافرەکانی قورەیش لە شەڕی ئوحود ددانییان شکاند و سەریان خوێناوڵ کرد و حەفتا کەس لە یارەکانی بریتی لە حەمزە شەهید کردان، بەڵام ئەو حەزرەتە دەستەکانی بەرز کردەوە و دۆعایەکی ئاوای کرد:" ئەی خودایا! قەومەکەی من ببەخشە چونکە ئەمانە نازانن." (صحیح ابن حبان).



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 5 01/01/18 23:12

## هەندێک لە هەڵوێستەکانی سەلەف لە تەعامول کردن لەگەڵ غەیری بسۆڵمانان

جارێـک حەزرەتـی عومـەر لەکەنـاری دەروازەی قەومێـک ڕەد بـوو و لەبـەر دەروازەی جولەکەیـەک کـە سـواڵ و دەس درێـژی ئەکـرد، وەسـتابوو و هـاواری دەکێشـا: مـن پیرەپیاوێکـی کۆنەسـاڵ و کوێرم. عومـەر پرسـیاری کـرد: چ شـتێک تـۆی وادار کـرد کـە سـواڵ بکـەی؟ ئەویـش وتـی: پێویسـت و جەزیـە. عومـەر دەسـی گـرت و بردیـەوە بـۆ ماڵەکـەی و شـتێکی دا بـە ئـەو و ئینجـا کەسـێکی وەکـوو نگابانـی بەیتولمـاڵ نـارد و بڕیـاری دا: چـاو لەئەمـەو و ئەمسـالی ئەمـە بکـە، سـوێند بـە خـودا کـە ئێمـە جانبـی ئینسـافمان ڕەعایـەت نەکردیـە، چونکـە جوانیەکەیـمان خـواردووە، ئەیچـۆن لەکاتـی پیـری جێـی بهێڵیـن، و ئینجـا ئـەم ئایەتـەی تیـلاوەت کـرد: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾؛ (توبـە: ٦٠) « سـەدەقەکان بـۆ فەقیـرەکان و مسـکینەکان، بـۆ بـەدەس هێنانـی دڵـی موخالفـەکان و ئـازاد کردنـی بـەردەکان، قـەرزارەکان و ئینفـاق کـردن لـە ڕێـگای خـودا و ڕیبـواری پێویسـتدارە، و ئەمـە فەریزەیەکـە لـە لایـەن خـودای زانـا و حەکیمـەوە." و درێـژەی دا بـە وتەکانـی کـە: فەقیـرەکان بسـولمانن و ئەمـە لـە مسـکینەکانی ئەهلـی کتێبـە و ئینجـا دەسـووری دا تاوەکـوو لـە ئـەو و کەسـانێک وەکـوو ئـەو جەزیـە نەگـرن.

خالـد بـن ولیـد لـە موعاهیـدە ئەهلـی ذمـەی حیـرە وەهـای نووسـی: " هـەر پیرەپیاوێـک کـە توانایـی کار کردنـی نیـە، یـان ئافـەت و نەخۆشـینێکی پـێ گەیشـتووە، و یـان دەوڵەمەندێکـە کـە بووەتـە فەقیـر و نـەدار و ئەهلـی دیـن سـەدەقەی دەدەنـێ، جەزیـە لەسـەری لائەبـرێ و خـەرج و نەفەقـەی ئـەو لـە بەیتولمـاڵ دابیـن دەکرێـت هەتاوەکـوو کاتێـک کـە لـە دارولهیجـرە و یـان دانیشـتووی دارولهیجرەیـە (الخـراج ابویوسـف). عمـر ابـن عبدالعزیـز بـە ئـام مەزمونەوە نامەیەکـی ئاوەهـای نووسـی بـۆ عـودەی کـوڕی ئەرتـات: سـەرنجێکی زمیەکانـی قەبیلەکـەت بـدە، هەرکەسـێک کـە گەیشـتووە بـە تەمەنـی پیـری، و هێـزی لاواز بـووە و لـە کەسـب و کار کەوتـووە، بـە قـەدی مەسـڵەحەتەکەی لـە بەیتولماڵـی بسـوڵمانان بەشـێکی بـۆ دابیـن بکـە.

## ئایەکوو دۆسی کردن لەگەڵ کافرەکاندا لەگەل بەرائەت کردن لە کفر مونافاتی هەیە؟

دۆسـایەتی و خوشەویسـتی بسـوڵمان یـا بـە بۆنـەی دینەکەیەوەیـە و یـان بـۆ ئامانجێکـی تـرە، ئەگـەر بـە هـۆی ئایینەکەیـەو بـوو، کـە ئەمـە کفـر بـە ئەژمـار دێـت و ئەگـەر بـە ئەنگیزەیەکی دیکـەوە بـوو، ئەگـەر ئـەو ئامانجـە لـە ڕووانگـەی شـەرعەوە ئەمرێکـی حـەرام و ناجایـز بـوو،



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 6 01/01/18 23:12

دیسان ئەم جۆرە دۆستی و خۆشەویستیە حەرامە، هەروەها کە ئەگەر کەسێک لەگەڵ کافرێکدا دۆسایەتی و خۆشەویستی بوو، چون لەگەڵ ئەو کرداری حەرامی ئەنجام ئەدا، بەڵام ئەم حوکمە لەحەقی کافر و بسوڵمان یەکسانە، هەروەها کە ئەگەر کەسێک بۆ کەسێکی بسوڵکان دۆسی و خۆشەویستی بێت تەنیا بە بۆنەی ئەوە کە کردارێکی نامەشروع و حەرام دەکات، ئەم دۆستیە حەرامە. بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستێک کە حەرام نەبوو لەگەڵ ئەودا دۆستی کردبوویێت وەکوو ئەوەی کە خزم یا هەڤاڵی ئەو بێ، بەسەر ئەوەی کە لە حەقی ئەودا چاکیەتی و ئێحسانی کردبوویێت، لەم حاڵەتەدا خۆشەویستی لەگەڵ ئەودا جایزە. ابن الوزیر لە کتێبی ایثار الحق علی الخلق (لاپەڕەی ٤٠٠) ئەنووسێ:

ئەو مەوالاتەی کە بە ئیجماع حەرامە ئەوەیە کە تۆ کافرێکت بە بۆنەی کوفر و گونەهباریەوە خۆش بوێ نەک بە بۆنەی مەبەستێکی دیکە وەکوو جەلبی مەنفەعەت یان دەفعی زەرەر و یان خۆ و خیسڵەتێکی باش کە لەئەودا بوونی هەیە. والله أعلم.

و هەروەها لە لاپەڕەی (٣٧٣/١) دەنووسێ: لێرەدایە کە ئەو کەسانەی توندڕەون سەبارەت بە وەلاء و بەڕاء ئیجازەیان داوە کە لەگەل گونەهکارادا بەبۆنەی خولق و خەسڵەتە باشەکەیەوە کە لێیەتی ئەتوانی خۆشەویستیت بێت هەرچەند کە کافریش بێت، وەکوو ئەبوتاڵب لە یەک دو دانە لە قەولەکان سەبارەت بە خۆشەویستی پێغەمبەری ئالی ئەو پێش لە ئیسلام هێنان.

### دلیل جواز محبت با آنان برای امری غیر دینی

١. این یک امر فطری است و راه رهایی از آن وجود ندارد، چنان که دوستی با پدر، فرزند، دوست، و کسی که در حق وی کار نیکویی انجام داده است، امری فطری و طبیعی است.

٢. خداوند می فرماید: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾، یعنی: «همانا تو نمي تواني هرکس را که دوست داري هدايت کني، بلکه خداوند هر کس را که بخواهد هدايت مي نمايد.» (قصص: ٥٦). خداوند در این آیه از محبت پیامبرr با عمویش ابوطالب و آرزویش به هدایت او خبر می دهد با وجود این که او ایمان نیاورد. و منظور از: (مَن أَحبَبتَ) یعنی او را دوست داشته باشی.

٣. خداوند می فرماید: ﴿ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودة ورحمة﴾؛ یعنی: «از نشانه هاي او اينکه براي شما از ( جنس ) خودتان همسراني را آفريد تا با ايشان انس و الفت گيريد، و ميانتان محبّت و مرحمت



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 7 01/01/18 23:12

پدید آورد.» ( روم / ٢١) و مسلم است که ازدواج با زنان اهل ذمه جایز است، بلکه دیدگاه جمهور بر آین است که ازدواج با اهل کتاب اگر چه از دارالحرب باشد، جایز است و این ازعموم این آیه فهمیده می شود: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ﴾؛ «و با زنان پارساي مؤمنه و زنان پارساي اهل كتاب ازدواج كنيد.» (مائده: ٥). بنابراین، اشکالی ندارد که مسلمان دوستی و محبت همسر کتابی غیر مسلمان را در قلبش جای دهد،بلکه این امری فطری و طبیعی است که امکان دفع آن وجود ندارد.

## زیارەت و سەرلێدان لە غەیری بسوڵمان و جواب دانەوە بە دەعوەت و تەعزیە کردنی ئەو

انس بن مالک رەزای خودای لێ بێت ڕیوایەتی کردووە کە لاوێکی جولەکە بۆ ئەو حەزرەتە خزمەتی ئەکرد و تووشی نەخۆشین هات پێغەمبەری خودا ڕۆشت بۆ عەیادەتی و لەسەر باڵینەکەی دانیشت و فەرمووی: "ئیسلام بێنا، ئەو گەنجەیش کە باوکی لەوێ بوو، وورد بووەوە. باوکی وتی لە ئەبولقاسم ئیتاعە بکە. بۆیە ئەو گەنجە ئیسلامی هێنا، و پێغەمەر هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لەوێ دەردەچووئەم ڕەستەیە هێناوە سەر زمانی: "حەمد و سەنا و ستایش لایەق بە خودایەکە کە ئەوی لە ئاگر ڕزگار کرد." (بخاری)

هەروەها ئەنەس دەڵێ: جوولەکەیەک پێغەمبەری خودای بە خواردنی نانی جو و ڕۆن دەنگ کرد و ئەو حەزرەتە دەعوەتەکەی قبووڵ کرد. (مسند احمد)
مەزاهیبی ئەربەعە هەموویان هاودەنگن لەصەر بەشدار بوون لە تەعزیەی غەیری بسوڵمانان.

## ئێحسان و خۆش ڕەفتاری لەگەڵ غەیری بسوڵمانان و پەیوەندی و تەبادولی هەدیە لەگەڵ ئەواندا

خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَىٰ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾؛ واتە : «خودا ئێوە لە باشی کردن و عەداڵەت کردن لەگەڵ ئەوانەدا کە لەگەڵ ئێوە لەسەر دین شەڕیان نەکردووە، و ئێوەیان لە سەرزەمینەکەی خۆتان دەرنەکردووە، نەهی ناکات، و بەڵکوو خودا ئەو


Deviance_Isssue_08_Kr.indd 8 01/01/18 23:12

کەسانەی واکوو بە عەداڵەتەوە کردار دەکەن خۆش دەوێ. و غەیر لەمە نیە کە خودا ئێوە نەهی دەکات لە دۆسی کردن لەگەڵ ئەوانەی دژ بە دینی ئێوە شەڕیان کردووە و ئێوەیان لە سەرزەمینەکەی خۆتان دەرکردووە یان لە دەرکردنی ئێوە لە وڵاتەکەی خۆتان هاودەستییان بووە، و هەرکەس لەگەڵ ئەوانەدا دۆستی بکات لە ستەمکارەکانە. (ممتحنە: ٨-٩)

عبداللە بن زبیر سەبارەت بە نزولی ئەم ئایەتە دەڵێ: کە بە بۆنەی ئەسمای کچی ئەبوبەکرەوە هاتووەتە خوارێ، لەوکاتەدا کە دایکی بە قەتیلە کچی عەبدولعوزا کە ئیسلامی نەهینابوو، بۆی هەدیە و کەشکی ڕۆنی هێنا، ئەسما ووتی: من هەدیەکەت قبووڵ ناکەم و هەتاوەکوو ئەو کاتەی کە لە پێغەمبەری خودا ئیجازەم وەرنەگرتووە مەیە نێو ماڵی من. لەم کاتەدا عایشە ڕەزای خودای لێ بێ ئەم ماجەرایە بۆ پێغەمبەر گێرایەوە. لەم کاتەدا بوو کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ... ﴾ (تفسیر طبری) لە سەحیحی بوخاری هاتووە کە ئەسما وتی: دایکم لە کاتێکدا موشریک بوو، هات بۆ لای من، سەبارەت بە حازر بوونی ئەو لە پێغەمبەری خودا ئیستفتام کرد و وتم: دایکم چونکە خۆشەویستی من لە دڵیدایە، هاتووە بۆ دیتنی من، ئایەکوو لەگەڵیدا سیلەی ڕەحم بکەم؟ پێغەمبەر فەرمووی: "بەڵێ لەگەڵ دایکت سیلەی ڕەحم بکە."

لە مێژوو نموونەگەلێکی زۆر سەبارەت بە سیلەی ڕەحم و تەعامول کردن لەگەڵ غەیری بسوڵمانان و کەسانێک کە لەگەڵ ئەواندا مەبەستی شەڕ و خوێن ڕشتنیان نەبووە، بوونی هەیە و چەمکی ئەم ئایەتە بیرتی لەوانیش دەبێ و ئێمە بە بەشێک لەم نموونانە لە داهاتوودا ئاماژە دەکەین. یەکێک لەم مەواریدە تەبادولی هەدیە و سەدەقەیە. ئبن عەباس لە پێغەمبەری خودا ڕیوایەتی کردووە کە حەزرەت دوای نزووڵی ئەم ئایەتە: ﴿وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ﴾؛ واتە: « هەر شتێکی باش و خاوێن کە ببەخشن بۆ خۆتانە و جگەلەبۆ ڕەزامەندی خودا مەبەخشن. و هەرشتێکی باش و خاوێن کە ببەخشن بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان و هیچ ستەمێک لەسەر ئێوە ناکرێت. ئینجا حەزرەت دەسووری دا کە بە هەرکەسێک کە سەدەقە بدەن هەر دین و ئایینێکی بێت (تەفسیری ئیبن حاتەم) سەعید ابن مسیب ئەڵێ: پێغەمبەری خودا سەدەقەی دەدا بە ئەهلی ماڵێکی یەهوودی. (الاموال ابوعبید).

بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە کە عومەری کوڕی خەتاب جلی خەڵات کرد بە یەکێک لە براکانی کە لەو کاتەدا لەسەر شیرک و کفر بوو. عەلامەی نەووی لە شەرحی موسلیم (١٤/٣٩) دەڵێ: (عومەر جلی کردە بەر برایەکی دایکی خۆی لەحاڵێکدا کە براکەی موشریک بوو). هەمووی ئەم مەوریدانە ئاماژەدەر بەمەن کە سیلەی ڕەحم



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 9 01/01/18 23:12

لەگـەڵ خزمێـک واکـوو موشریکـە، و خـۆش ڕەفتـاری و خـەڵات دان بـە کافـرەکان جایـزە.

بەپێچەوانـەوە، زۆرێـک لـە غەیـری بسـوڵمانان وەکـوو پادشـا کافـرەکان و غەیـری ئەوانـە خەڵاتیـان داوە بـە حـەزرەت و ڕەسـووڵی خـودا ئـەم خەڵاتانـەی قبـووڵ کـردووە. یەکێـک لـەو مەوریدانـە، خەڵاتەکـەی پادشـای میـسری قیبتیـە. هەروەهـا کـە عایشـە ڕەزای خـودای لـێ بـێ ڕیوایەتـی کـردووە کـە مەقوقـس، سـەرۆکی ئەسـکەندەریە، کلەدانێکـی دارینـی لـە شامەوە لەگـەڵ ژنێکـدا بـە خـەڵات بـۆ پێغەمبـەر نـارد. (طبرانـی فـی الاوسـط)

## حوسنی جەوار و ڕەعایەت کردنی مافی دراوسێ

یەکێـک لـە جۆرەکانـی حوسـنی جـەوار و ریعایـەت کردنـی مافـی دراوسـێ غەیـری بسـوڵمانە.
خـودا دەفەرمـوێ:
﴿وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا﴾؛ (نسـاء: ٣٦) واتـە:" خـودا بپەرەسـتن و هیـچ کەسـێک مەکـەن بـە شـەریکی ئـەو و لەگـەڵ دایـک و بابتـان، خزمەکانتـان و هەتیـوەکان و بێکەسـەکان و دراوسـێ خزمـەکان و درآوسـێ بەیانـەکان و یـار و هـاوڕێ و ڕێبـوار و مسـافر و بەنەکانـی خـودا بـە باشـی ڕەفتـار بکـەن، بەڕاسـتی کـە خـودا لـە خۆزلبینـان و فەخرفرۆشـان خۆشـی نایـەت." مەبەسـت لـە (وَالْجَارِ الْجُنُبِ)
لـە یەکێـک لـە دوو تەفسـیر دراوسـێی غەیـر بسـوڵمانە. لـە نوفـی شـامی ڕیوایـەت کـراوە کـە وتـی: مەبەسـت لـە (والجـار ذی القربـی) بسـوڵمان و مەبەسـت لـە (والجـار الجنـب) غەیـری بسـوڵمانە. (تەفسـیری تەبـەری).
عەمـری کـوڕی شـوعەیب لـە باوکـی و ئەویـش لـە باپیـری عەمـری کـوڕی عـاس ڕیوایەتـی کـردووە کـە پێغەمبـەری خـودا فەرمـووی: "دراوسـێکان سـێ جـۆرن؛ دراوسـێی بسـوڵمانی خـزم، مافـی ئیسـلام، مافـی دراوسـێیەتی و مافـی خزمـی لەسـەریەتی و ئـەوەی کـە دوو مافـی بەسـەر ئێوەوەیە، دراوسـێی بسـوڵمانە کـە مافـی ئیسـلام و مافـی دراوسـێیەتی لەسـەر ئێوەیـە، و ئـەو کەسـەی کـە یـەک حەقـی بەسـەر ئێـوەوە هەیـە، دراوسـێی کافـرە کـە مافێکـی بەسـەر ئێـوەوە هەیـە" (طبرانـی فـی المسـند الشـامیین، و بیهقـی فـی شـعب الایـمان و التعـاون مع غیـر المسـلمین)

خـودا دەفەرمـووێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ﴾؛ مائـدە:٢) واتـە: "وە یەکـتر یارمەتـی بـدەن بـە باشـی و پارێـزگاری، و یەکـتر یارمەتـی مـەدەن لەسـەر گونـاە و دەسـدرێژی، و لـە خـودا بترسـن کـە عیقابـی خـودا زۆر سـەختە." سـیاقی ئـەم ئایەتـە لەسـەر ئـەم ئەمـرە دەلالـەت دەکا کـە تەعـاوون و هـاوکاری لـە کارە



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 10 01/01/18 23:12

خێرەکان و هاوکاری نەکردن لە کارە شەر و خراپەکان لەگەڵ کافرەکانیش کارێکی درووسە، بەڵکوو سەرەتای سیاقی ئەم ئایەتە لەسەر ئەوانە دەلالەت دەکات. هەروەها کە موفەسیرەکان وتوویانە:

پێغەمبەری خودا سەبارەت بە حلف الفضول کە قورەیش لە سەردەمی جاهلیەتدا بۆ یارمەتی دان چەوساوەکان دایمەزراندبوو، فەرمووی: "من بۆ پەیمانێک لە داری ابن جدعاندا حازر بووم، و تەنانەت بە وشتری توک سوریش من ڕازی نابم ئەم پەیمانە بشکێنم، و ئەگەر لە ئیسلامیشدا بۆ کارێکی ئاوەها بانگ بکرێم، ئیجابەتی دەکەم" (مسند حمیدی و طحاوی).
وە هەروەها کە ئەو حەزرەتە سەبارەت بە سوڵحی حودەیبیە فەرمووی: "ئەگەر قورەیش لە من داوا بکات بەرەو کارێک بڕۆم کە لەنێوانی ئەوکارەدا حورمەتەکانی خودا تەعزیم ئەکرێت، من بەو ئەو بانگەشە وڵام دەدەمەوە". (بخاری).

## تەعریف و تەمجیدی غەیری بسوڵمانان لە بەرامبەری خێرێک کە لە ئەواندا بوونی هەیە

هەندێک کەس هەنە کە گومان دەبەن کە تەعریفی غەیری بسوڵمان بەهۆی خێرێک کە لەئەواندا بوونی هەیە لەگەڵ بڕوای وەلاء و بەڕاء مونافاتی هەیە و بێگومان ئەم تێگەیشتنە نادرووس و هەڵەیە، چونکە خودا دەفەرمووی: ﴿وَ لا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوى﴾ (مائدە: ٨) واتە: «وە هیچ گەلێک ئێوە تووشی ئەوە نەبات کە عەدل و دادوەری نەکەن، عەدل و دادوەری بکەن کە ئەوە بە پارێزگاری نزیکترە) سیاقی ئەم ئایەتە پەیوەندی بە غەیری بسوڵمانانەوە هەیە، بەڵکوو خودا ئەو غەیری بسوڵمانانەی کە سرۆشتی جوانیان هەیە ستایش دەکات.
خودا هەروەها لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لايستكبرون﴾؛ (مائدە: ٨٢) واتە: "ئەڵبەتە کە لەوان دەبینی کەسانێک کە دۆسی موئمینەکانن و ئەڵێن ئێمە نەسرانین، ئەوە بەو بۆنەوەیە کە هەندێک لەئەوان کشیش و ڕاهیبن و ڕوونە کە ئەوانە تەکەبور ناکەن." وە هەروەها خودا دەفەرمووێ: ﴿لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ﴾ (آل عمران: ١١٣)، واتە: « ئەهلی کتێب هەموویان یەکسان نین، گرووپێکیان بەتاعەتی خودا ڕاوەستاوون و ئایەتەکانی خودا لە دڵی شەودا تیلاوەت دەکەن و سوجدە بەجێ دەهێنن.» وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ﴾ (آل عمران: ٧٥)، واتە: « لەئەهلی کتێب کەسانێک هەن کە ئەوان بە ئامەتدار دەزانی و ئەمانەتەکە دەگەرێننەوە بۆت.»
لەکاتێکدا پێغەمبەری خودا لە مەککە یارەکانی بینی فەرمووی ئەگەر لە لایەنی کافرەکانەوە



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 11 01/01/18 23:12

تووشـی ئـازار و شـكنجه هاتوونـه و مـن ناتوانـم یارمەتیتـان بـدەم، "هیجـرەت بكـەن بـۆ حەبەشـە، كـە لـەو وڵاتـەدا پادشـایەک هەیـە كـە كەسـێک لـە سـەرزەمین ئـەودا تووشـی سـتەم نایـەت. و لـە كاتێكـدا كـە بـۆ دەسـەڵاتداران و حاكمـەكان نامـەی دەنووسـی، بـە لەقـەب و نازناوێكـی گونجـاو لـەلای ئـەوان نـاوی لان دەبـرد. هەروەهـا كـە لـە نامەكـەی بـۆ فەرمانـڕەوای فـارس و ڕووم ئـاوا دەنووسـێ: (بسـم اللـه الرحمـن الرحیـم، بـۆ هرقـل، دەسـەڵاتدار و گـەورەی ڕووم، بـۆ كـەسرا، دەسـەڵاتداری ئێـران (متفـق علیـه).

ئیـمام ئەحمـەدی حەنبـەل لـە موسـنەدەكەی خۆیـدا سـەبارەت بـە ئەسـەرەكانی سـەحابە وتوویەتی: ام سـلمە رضـی اللـه عنهـا دەڵـێ: ئەوكاتـەی ئێمـە هیجرەتـمان كـرد بـو سـەرزەمینی حەبەشـە، و لـە دراوسـێیەتی باشـترین دراوسـێ قەرارمـان گـرت، نەجاشـی سـەبارەت بـە دینەكەمـان هێنایەتـی بـە ئێمـە بەخشـی و بەبـێ ئـەوەی ئەزیـەت و ئـازار ببینیـن اللـه مـان عیبادە ئەكـرد، شـتێک كـە ئێمـە ناڕاحـەت بـكا لەئـەو نەمانبیسـی، ئـەو كاتـەی ئـەم شـتە بـە قورەیـش گەیشـت زۆر تێـک چـوون".

هەروەهـا لـە صحیـح مسـلم هاتـووە كـە : مسـتوردی قوڕەیشـی لـە لای عەمروعـاص بـوو وتـی: مـن لـە پێغەمبـەری خـودم بیسـتووە كـە فەرمـووی: "قەیامـەت لەحاڵێكـدا بەرپـا دەبـێ كـە جەمعیەتـی ڕووم زۆر دەبـێ. ئینجـا عەمروعـاص وتـی: ئـاگادار بـە چـی دەڵێیـت، مسـتورد وتـی: مـن شـتێک ئەڵێـم كـە لـە پێغەمـەری خـودام بیسـتووە، و وتـی: ئەگـەر بڵێـم كـە لەوانـەدا چـوا خەسـلەت و تایبەتمەنـدی هەیـە، ئەوانـە لـە كاتـی فتنـە، بوردبارتریـن كەسـەكانن و لـە كاتـی موسـیبەت زووتـر لەهەركەسـێكی تـر هێمنایەتـی دێننـەوە دەس، باشـترینی ئـەوان بـە فەقیـر و مسـكین و هەتیـو و لاوازەكان زۆر دڵسـۆزن. پەنجەمیـن ئەوانـە جوانیەتـی و و ئـەوەی كـە بەرگرتریـن كەسـەكانن لەبەرامبـەری سـتەم و چەوسـاننەوە.

## پرسە گرتنی حسان بن ثابت در دووری مطعم بن عدی

مطعـم بـن عـدی لـە حاڵەتـی كفـر كۆچـی دوایـی كـرد، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـە، حەسـانی كـوڕی سـابت وتـی: سـوێند بـە خـودا بەبۆنـەی پرسـە كـردن بـۆ ئـەوەوە هۆنـراوەو و مەرسـیەی بـۆ دەڵێـم و ئەمـە بـەو بۆنەویـە كـە لـە كاتێكـدا پێغەمبـەر لـە سـەفەری ئائیـف گەڕایـەوە، پەنـای دا پـی. بۆیـە سـەبارەت بـەوەوە وەهـای كـوت: (سـیرة ابـن هشـام، فتـح البـاری، سـیر اعـلام النبـلاء، البـدایء والنهایـة)

## ڕێپێدان بە ئازادی ئایینی و دابین كردنی ئەوەی كە لە ڕوانگەی دینەوە موباحە

یەكێـک لـە پێداویسـتیەكانی عەهدنامـەی ئەهلـی زیممـە ئەمـە كـە بسـوڵمانان بـە عەقیـدە، شـەعائیری دینـی و عیبـادەت و ڕێوڕەسـمە ئایینیـەكان و ئـەو مەسـەلەیانە كـە ئەوانـە بەشـێک



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 12 01/01/18 23:12

لـە دینەکەیـان دەزانـن، وەکـوو ناقـووس لـە نێـو مەعبـەدەکان، قەرائەتـی تـەورات و ئینجیـل، بەبـێ ئـەوەی کـە شـتێک لەبەرامبـەر بسـوڵمانان ئاشـکرا بکـەن، دەس درێـژی نەکـەن. وە ئەمـە مەسـەلەیەکی کۆمەڵگایـی لەنێوانـی فوقەهایـە و بـۆ لێکۆڵینـەوەی زۆرتـر بـە ئـەم کتێبـە موراجیعـە بکـەن. (حاشـیە بـن عابدیـن در فقـە حنفـی ٣/٢٧٢، حاشـیە دسـوقی فقـە مالکـی ٢/٢٠۴، مغنـی المحتـاج فقـە شـافعی ۴/٢٥٧، کشـاف القنـاع فقـە حنبلـی ٣/١٢٧)

هەروەهـا فوقەهـا بەتـەواوی هاودەنگـن لەسـەر ئەمـەی کـە ڕوخسـەتیان هەیـە لـە خنزیـر و خەمـر و ئامێرەکانـی مۆسـیقا کەڵـک وەربگـرن و لـە ڕۆژەکانـی مانگـی ڕەمـەزان بخـۆن و بخۆنـەوە و و مەجووسـیەکان بۆیـان هەیـە کـە لەگـەڵ مەحرەمەکانیانـدا نیـکاح بکـەن و ئـەم ئەمرانـەی دیکـە کـە لـە ئایینەکەیـان موباحە.(فتـح القدیـر در مذهـب احنـاف ٥/٣٠٠، نهایـة المحتـاج فقـە شـافعی ٨/٩٣، الزرقانـی علـی خلیـل فقـە مالکـی ٣/١۴٦، کشـاف القنـاع٣/١٢٧)

مەگـەر ئـەوەی کـە ڕێگەیـان پـێ نـەدراوە ئـەو ڕێورەسـمانە لـە نێوانـی بسـوڵمانان دەربخـەن، یـا ئەوانـە بـدەن بـە دەرخـواردی بسـوڵمانان و ئەمـە بەبۆنـەی ڕاگرتنـی ئاسایشـی کۆمەڵگایـە، هەروەهـا کـە بسـوڵمانێک واکـوو بەربانـگ دەکاتـەوە، ڕوخسـەتی نیـە لـە پێشـگای خەڵکـی شـتێک بخـوا. وە دەلیلـی فوقەهـا سـەبارەت بـە ئەمـە، تەعامـول و عەهدنامـە ئـەو حەزرەتـە لەگـەڵ خـاچ پەرسـتەکانی نەجـران و جوولەکەکانـی مەدینـە و عەهدنامەگەلێکـە کـە سـەحابە لـە کاتـی فەتحـی وڵاتەکانـدا لەگـەم بسـوڵمانان ئەنجامیـان داوە.

## دۆعا کردن بۆ غەیر بسوڵمانان

مصنـف ابـن ابـی شـیبە لـە کتێبەکەیـدا سـەبارەت بـە دۆعایـەک بـۆ جوولەکـەکان و خـاچ پەرسـتان باسـی کـردووە و لەوێـدا هەندێـک لـە ڕیوایەتـەکان و ئەسـەرەکانی سـەحابەی نـاو بـردووە بریتـی لـەوەی کـە جوولەکەیـەک ووشـتری بـۆ پێغەمـەر دۆشـی، کـە لـەو کاتـەدا حەزرەتـی بـۆ ئـەو جوولەکەیـە دۆعایەکـی ئـاوای کـرد:

خودایـێ، ئـەم مرۆڤـە جـوان بکـەرەوە، لـەم کاتـەدا بـوو کـە قـژی ئـەو جوولەکەیـە لـە سـپی دەرهـات بـوو بـە ڕەش. ئیبراهیـم وتوویەتـی: جوولەکەیـەک هاتـە مەحـزەری پێغەمبـەر، عـەرزی کـرد: لـە بارەگای پـەروەدەگار دۆعـام بـۆ بکـە، پێغەمبـەر دۆعایەکـی ئـاوای بـۆی کـرد: خـوای گـەورە مـاڵ و فەرزەنـدت زۆر بـکات و لەشـت سـاغ و تەنـدرووس بـێ و تەمەنـت درێـژ. و هەروەهـا ئیبرایـم وتوویەتـی: کیشـەی نیـە کـە بـۆ جوولەکەیهـک دۆعایەکـی ئـاوا بکەیـت و بڵێـی: خـودا تـو هیدایـەت بـدات. لـە سـعید ابـن جبیـر نەقـل کـراوە کـە ووتـی: ئەگـەر فیرعـەون بـە مـن بڵـێ: خـودا بـە تـۆ بەرەکـەت عینایـەت بـکا: مـن دەڵێـم، بـە تۆیـش بەرەکـەت عینایـەت بـکات.

بخـاری لـە ادب الفـرد (ص ٣٨١) لـە سـعید بـن جبیـر لـە ابـن عبـاس رضـی اللـە عنهـما ڕیوایەتـی



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 13 01/01/18 23:12

کردووە کە وتی: ئەگەر فیرعەون بە من بڵێ: خودا بە تۆ بەرەکەت عینایەت بکا: من دەڵێم، بە تۆیش بەرەکەت عینایەت بکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە فیرعەون مردووە.

پێشتر وتمان کە لە کاتێکدا کافرەکانی قورەیش حەرزەتیان بریندار کرد، بۆ ئەوان دۆعای کرد و فەرمووی: خودایە گیان! قەومەکەم هیدایەت بدە، چونکە تێگەیشتوو نین. وە هەروەها پێغەمبەری خودایش بۆ ئەبوجەهل و عومەری کوڕی خەتاب پەش لە ئیسلام هێنانیان دۆعای کرد و فەرمووی: « خودایا! ئیسلام بەدەستی یەکێک لە خۆشەویسترینی ئەم دوو کەسە لەلای خۆت سەربەرزی بدە، عومەری کوڕی خەتاب و ئەبوجەهلی کوڕی هیشام".

سەبارەت بەم شتانەوە نموونەگەلێکی زۆر لە کتێبەکانی سیرە هەیە کە ئێمە هەر ئامە بە کافی دەزانین.

## ئایەکوو هەندێک لە پاشەکشەکان لەکاتی تەعامول لەگەڵ غەیر بسوڵمانان بە بۆنەی هەندێک لە مەسلەحەتەکان و بەرژەوەندیەکان لەگەڵ بڕوای وەلاء و بەڕاء ناکۆکی نیە؟

لێرەدا هەندێک لە هەڵوێستەکانی پێغەمبەر ناو دەبەین کە ئەو حەزرەتە بە بۆنەی هەندێک لە مەسڵەحەتە شەرعیەکان لە ڕامیاریدا لە هەندێک لە مەسەلەکان پاشەکشەیان کردووە و ئێمە دو مەوریدیان ناو دەبەین:

١ ـ ئەوەی کە پێغەمبەر ی خودا لە غەزوەی ئەحزاب ڕووی دا و ویستی هەبوو یەک سێهەمی بەرهەمەکانی مەدینە بدات بە قەبیلەی قەتفان هەتاوەکوو لە مەیدانی شەڕ دەرچن. (مصنف ابن ابی شیبە ٤٢٠/١٤ و مصنف عبدالرزاق ٣٦٧/٥)

ساڵحی لە کتێبەکەیدا، سبل الهدی و الرشاد ٤/٣٩٩ ئەنووسێ: حەزرەت ئەوانی ڕێنمایی کرد چونکە مەسڵەحەتێکی ئاوا پەیوەندی بە بسوڵمانان بوونی هەبوو.

٢.ئەو شتەی کە پێغەمبەری لە سوڵحی حودەیبیە بۆی ڕووی دا، وەکوو ئەوەی کە (بسم اللە الرحمن الرحیم) و هەر وەها (رسول اللە) لە عەهدنامە سڕدراوە و ئەو ساڵەی بە بێ ئەنجامی عومرە گەڕانەوە بۆ مەککە و لە کاتێکدا کە کەسیک ببێت بە بسوڵمان و بێتە مەحزەری حەزرەتی ڕەسوول ئەوە بگەڕێنێتەوە بۆ لای کافرەکان و ئەگەر بسوڵمانەک مورتەد بوو و ڕۆشت بۆ لای موشریکەکان، نەیگەڕیننەوە بۆ لای بسوڵمانان. پێغەمەر ئەبووبەسیری گەڕاندەوە بۆ لای کافرەکان لەکاتێکدا دوای عەهدنامەی حودەیبیە هیجرەتی کردبوو بۆ مەدینە، ئەبوجەندەڵیشی قبووڵ نەکرد لە مەدینە، سەرەڕای ئەوەی کە هیجرەتی کردبوو. (بخاری ٩٧٤/٢).

والحمدلله رب العالمین والصلاة والسلام علی سیدنا محمد وآله و صحبه اجمعین.

عبد الفتاح بن صالح قدیش الیافعي     الیمن- تریم



Deviance_Isssue_08_Kr.indd 14 01/01/18 23:12

# زنجیرەی تەحریف و ئیدعا

پێغەمبەر فەرمووی: ئەم عیلمە بە دەستی ئەوانەی دوای ئێمەن دەگات، عادڵەکان هەڵی دەگرن و توندڕەوەکان تەحریف و تەئویلی ئەکەن پەیوەندی بە ئەهلی باتڵ و تەئویل.[1]

هەندێک لە خاوەنەکانی ئەفکاری ئینحرافی کەلامی خودای سوبحانیان بە جۆری لێ حاڵی بووە کە هاودەنگ نین لەگەڵ مەنهەجی زانستی میراتی سەلەفی ساڵەح، و ئامانج و ئەرزشە گەورەکانی وەحی ئیلاهی.
و ئەوانە هەندێک لە ئەو ئایەتانەی کە سەبارەت بە کافرەکان نازل بوونە، حەملی دەکەنە سەر بسوڵمانان.

وە ئەو ئایەتانەی کە بە شێوازی تایبەتی و هەڵاوێر نازڵ بوونە، ئەحکامێکی گشتی صادر دەکەن و مەبەستەکانی کەلامی خودا بە تەحریف دەکێشن و لە دەرەنجامی ئەو شێوازە هەڵەیانەوەیە چەمکگەلێکی هەڵە و نادرووس لە نێوانی عەقڵ و ژیرایەتی بسوڵمانان ڕووی داوە و لەدەرنجامدا ڕەفتار و مەسەلەگەلێک دەرکەوتووە کە هیچ پەیوەندیەکی بە دینی موبینی ئیسلامەوە نیە.

لە لابەلای ئەم زنجیرە بابەتانە، لەگەڵ تەحریفی مەبەستەکانی ئەیەتەکانی قورئانی پیرۆز لە لایەن خاوەنەکانی ئەفکاری مونحەریف و جیاوازی ئەوانە لە تێگەیشتنی پێغەمبەری خۆشەویست و ئەسحابی بەنرخی و سەلەفی ساڵەح و شەریعەتی غەرا ئاشنا دەبین.

١ - حديث مشهور صححه ابن عبد البر ، وروي عن أحمد بن حنبل ؛ أنه قال : هو حديث صحيح .

دار الفقيه للنشر والتوزيع
DAR AL FAQIH
PUBLICATION & DISTRIBUTION

سند
SANAD

www.sanad.network
twitter: @sanadnetwork
facebook.com/sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork
instagram.com/sanadnetwork

Deviance_Isssue_08_Kr.indd 16 01/01/18 23:12